**Koerdisch-Sorani**

## دوا زانیاری پۆلیس:
## سەر لە نوێ دەستگیرکردنی کەسێکی گومانلێکراو، لە سەر ڕووداوی کوژرانی کەسێك بە چەقۆ، لە شاری ئاپلدۆرن

ئاپلدۆرن: ئەمرۆ، سێشەمە، 31 تشرینی یەکەم (ئۆکتۆبەر) 2023، پۆلیس سەر لە نوێ کەسێکی گومانلێکراوی دەستگیر کرد، لە ئاکامی لێکۆڵینەوەکان کەئەنجامدراون لە سەر کێشەی کوژرانی کەسێك بە چەقۆلێدان، لە ڕۆژی 5 ئەیلول (سبتمبر) لە شەقامی: کەسپەر فاخلسترات - Casper Fagelstraat، لە ئاپلدۆرن. ئەم کەسە پیاوێکی تەمەن 26 ساڵە و لە شارۆچکەی فۆربۆرخ (Voorburg) نیشتەجێ بووە. هەروەها ڕۆژی دووشەمەی هەفتەی ڕابووردوو دوو پیاو، لە تەمەنی 35 و 26 ساڵ لە ئەڵمانیا دەستگیر کرابوون. ئەم سێ (3) پیاوە گومانی ئەوەیان لێدەکرێت دەستیان هەبێت لەم ڕووداوەدا، واتە ڕووداوی چەقۆ وەشاندن.

ڕووداوی چەقۆ وەشاندن لە کاتژمێر 11:00 بە پۆلیس ڕاگەیەنرا. ئەو کەسەی بۆتە قوربانی لە سەر شەقامی ناوبراو دەڕۆیشت لەگەڵ کچەکەی، کە تەمەنی 3 ساڵە. لە ناکاو، لە پشتەوە هێرشی کراوەتە سەر و چەند جارێك دراوەتە بەر چەقۆ لێدان. تیمەکانی یارمەتیدان گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکەو ئافرەتێکیان بەدیکرد کە بە قووڕسی بریندار کرابوو. هەوڵەکانی پۆلیس و تیمەکانی فریاکەوتن (إسعاف) بۆ بووژاندنەوە و گیان پێدانەوەی ئەو ژنە، بە داخەوە، بێ سوود بوون. ئەو کەسەی بۆتە قوربانی ژنێکە، تەمەنی 28 ساڵە و خەڵکی ئاپلدۆرنە. هەر لە جێگەی تاوانکاریەکە گیانی لە دەستداوە. کچەکەی بریندار نەبووە.

یەکێك لە گومانلێکراوەکان لە شوێنی تاوانەکە بووە و لە لایەن پۆلیس دەستگیر کراوە. ئەم کەسە، هەر وەك کەسانی گومانلێکراوەکانی دیکە، لە ئێشتادا دەستگیر کراون.

**لێکۆڵینەوەکان لە سەر ئەم تاوانە بەردەوامن**

لێکۆڵینەوەکان لە بارەی هۆکارەکانی ئەم ڕووداوە تا ئێستا بەردەوامن. وا دەردەکەوێت کە کەسی گومانلێکراو بە تەنها ئەم تاوانەی ئەنجام نەداوە. تیمەکانی لێکۆڵینەوە ئەگەریان ئەوەیان داناوە کە ڕەنگە ئەم ڕووداوە پەیوەندی هەبێت بە کێشەی خێزانیەوە. لە لێکۆڵینەوەکاندا ئەوە ڕەچاو دەکرێت کە هۆکار و هاندەری ئەم تاوانە پەیوەندی هەبێت بە تۆڵە سەندنەوە لە سەر کیشەی خێزانی.

ئایا ئێوە هیچ زانیاریەکتان هەیە لە سەر ئەم ڕووداوە بۆ ئێمە؟ تکایە زانیاریەکانتان بە ئێمە ڕابگەیەنن، لە ڕێگەی هێڵی تەلەفۆنی نهێنی و تایبەت بە ڕاگەیانراوە نهێنیەکان: ژمارەی تەلەفۆن: 0800-7000، یان لە ڕێگەی ژمارەی تەلەفۆنی تایبەت بە هەواڵگەیاندن: 0800-6070.